
## محەممەد سدیق مەحموودی




محەممەد سەدیق مەحموودی، "وەنەوشە – سەرجەمی بەرهەمەکانی محەممەد سەدیق مەحموودی، شیعر وپەخشان ١٣٣٧ تا ١٣٥٨ دەگەڵ لێکدانەوە و بیرورای شاعیران و نووسەران"، ئامادە کردنی ئازاد مەحموودی، چاپی ئیحسان، تاران ١٣٨٨ [٢٠٠٩]، شاپک :

ISBN: 978-964-356-684-5

نەمر مەلا مەحموود سەدیقی، مامۆستای ئایینی و مامۆستای قوتابخانەکانی کوردستان، شاعیر بووە و شیعرە فارسی و کوردییەکانی لە گۆڤارە فارسییەکانی تاران و هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تاران (١٣٣٨-١٣٤٣) دا بڵاو بوونەتەوە (ل. ١٤٤). کاک سوارەی ئێلخانی زادە لە یەک لە بەرنامەکانی تاپۆ و بوومەلێڵی سەر ڕادیۆ کوردی تاراندا ناوبردەی کردووە و ئەوەندەی لەبیرم بێت وەڵامی پرسیارێکی داوەتەوە یا شیعرێکی لێ خوێندۆتەوە.

مەحموودی سەر بە سەردەمێکە کە بیری نوێگەری شیعر تازە بە ناوچەی موکریان و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەڕابوو و کەسانی وەک ئەو و کاکم (وەفا) لە نێوان شیعری کۆن و نوێ دا قەتیس مابوون و شیعرەکانیان شەقڵی هەردوو شێوازیان پێوە دیار بوو. ئەوە لە 'سوارە' دا وا نەبوو و ئەگەر شیعری نوێی دەگوت هەموو تایبەتمەندییەکی نوێگەریی سەردەمی خۆی بە سەر بەرهەمەکەیەوە

دیار بوو. لە شیعری مەحموودیدا ئەگەر تەرجیعی عەرووزی عەرەب تێک شکاوە، هێشتا مۆرکی دیاردەیەکی دیکەی عەرووزی عەرەب واتە سەراو و تەنانەت کێشیش بەسەر شیعرەکەوە ماوەتەوە باوەکوو کێشەکە ئەو نەزمە ستانداردە کۆنەی نەپارێزرابێت. هەروەها شوێنی شیعری بڕگەییش لە کارەکانیدا هەڵدەگیرێت.

شاعیر لە سەرەتای کتێبەکە، بەشی "من کێم" لاپەڕە ١٤١ دا دەنووسێت:

*"لە ٢٥ ی مانگی ڕێبەندانی ١٣١٦ ی هەتاوی لە "پاشبڵاغ" کە دێیەکە لە نزیک بۆکان بەڵام لە سەر ناوچەی مەهابادە، لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لە دایک بووم. بابم نێوی مەلا برایم کوڕی مەلا ساڵحی سەرا، لە بنەماڵەی زانست پەروەری مەلایانی شەمۆڵەی ناوچەی سەردەشت بوو... لە سابڵاغ ئیجازە [ی مەلایەتی] م وەرگرت و لە گوندەکانی "جەمۆغە" ی بۆکان و "تاڵەجەڕی" ی سەقز دەستم کرد بە دانەوەی دەرس...ناچار دەستم [لە مەلایەتی] هەڵگرت و بووم بە مامۆستای قوتابخانە دەوڵەتییەکان."*

بەم پێیە، پەیوەندی سەدیقی لەگەڵ بۆکان دەردەکەوێت و باسی کتێبەکەشی لەم زنجیرە ووتارەدا جێگەی دەبێتەوە.

شیعرەکان ساکار و بێ گرێ وگۆڵ و نیشاندەری ئەوەن شاعیر بیرێکی ساکار و دوور لە ئاڵۆزیی ژیانی ئەمڕۆی هەبووە. لە سەرەتای چیرۆکەشیعری "مشکی نەترس" دا کە لە فارسییەوە وەریگێڕاوە، دەنووسێت: *"بیر کەرەوە بیر، کە بیرکردنەوەیەک چاترە بۆت لە هەزارساڵ عیبادەت کردن."* ئەوە، تەنانەت ئەگەر وتەی خۆیشی نەبێت و لە قسەی زانا و بلیمەتێکی بێگانەشی وەرگرتبێت، کارێکی بوێرانە و ڕووناکبیرانەیە ئەویش بۆ مەلا و کەسایەتییەکی ئایینی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیشدا پەروەردە کرابێت.

کتێبەکە چەند شیعری فارسی و چیرۆک و پەخشانی نووسەر وبۆچوونی چەند شاعیر و نووسەری کوردی سەبارەت بە کارەکانی ئەوی گرتۆتەبەر.

واهەیە لە باری بەڵگەنامەییەوە چەند لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە گەلێک گرنگ بن. لەو بەشەدا نموونەی دەستخەت و نامەی چەند مەلا و کەسایەتی ناوداری ناوچەی موکریان تۆمار کراوە: مامۆستایان هێمن، سەیدکامیل ئیمامی (ئاوات)، مەلا خالید دەربەندی، مەلا هادی ئەفخەم زادە، مەلا عەلی ڕەببانی، مەلا عەبدوڵڵا مودەڕریسی، مەلا محەممەد وەلزی، حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی و مەلا برایم مەحموودی.

بەڵگەنامەی دیکەی ناو کتێبەکە، چەند نموونە خەتی شاعیرن کە لەوپەڕی جوانیدا نووسراون و نموونەیەک لە خەتی "ئازاد" یش خراوەتە دوالاپەڕەوە، کە وێدەچێت هەمان ئازاد مەحموودی- کوڕی شاعیر و ئامادەکاری کتێبەکە بێت؛ بێچوە مراوی مەلێی گەلێک باش زانیوە!

Rojhalat
Bokan